# ساڵی تازەی کورد بەشیوەنەوە

# لەژێر چەتری ئۆباماو بایدندا




ئەگەر ئۆباما کوردی بەجێ نەهێشتبایەو بایدنیش دەستخۆشی لە تورکەکان نەکردبایە بۆ کوشتنی کوردەکان، تورکەکان بەمشێوە وەک گورگی دڕندە پەلاماری کوردیان نەدەدا.

جەنابی ئۆباماو بایدن، حیزبەکەی ئێوە بە حساب پشتگیری لە چینی هەژار دەکات، ئەو ٣٧ کەسەی کە لە سەرووی کوردستان کوژران، کورە هەژار بوون و لەبەر هەژاری خەریکی کۆڵبەری بوون لەو سنورە دروستکراوە، تورکەکان لەسەردەمی ئیسلامدا هاتونە خوارەوەو وا هەزار ساڵە لەژێر ئاڵای ئیسلام و رەگەزپەرستیدا خاک و نیشتمانمان داگیر دەکەن و رۆڵەکانی کورد بە بێویژدانانە دەکوژن، ئەمڕۆ کە ئەمەریکا بەرێوەبەرایەتی دنیای گرتۆتە دەست و دەوڵەتی تورکیاش بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێ، هەر بێویژدانیەک کە تورک بیکات بەرانبەر بەکورد، بەشێکی تاوانەکە دەخرێتە ئەستۆی ئەمەریکاو ناتۆوە، تەواوی دنیا دەپرسێ بۆ فارس و تورکەکان قاچاخچیەکانی نەوت ناکوژن لە رۆژانە

بەهەزاران تانکەر نەوت بەقاچاخ دەروات بۆ ئێران و تورکیا بەلاَم کورە هەژارێک دەکوژن کە بۆ ژیانی ماڵ و منداڵی وەک ئاژەڵ خۆی بار دەکات.

دەبێ ئۆباماو بایدن باش بزانن، تورکەکان کورد کۆژی دەکەن، بۆ ئەوان جیاوازی نیە لەنێوان چەکدارو پێچەک، مناڵ و بەتەمەن، مرۆڤی کوردو ئاژەڵدا، ئەو تاوانەی ئەمرۆ تورکەکان کردویانە کەمتر نیە لەتاوانەکانی پێشوو کە میدیای جیهانی چاوپۆشیان لێکردوە، کورد بەکەم مەزانن و بەم شێوەیە پشتی تێ مەکەن، کورد داوای یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی ولاَتەکەی دەکات، تکاتان لێدەکەم پێش ئەوەی کارەساتێکی مرۆڤی زۆر گەورەی وەک سالاَنی هەشتاکان و ١٩٩١ بەدی نەیەت، وەک دەسەلاَتدارێکی دنیا هەڵوێستی خۆتان دەربخەن و ئەو نەخشەیەی کوردستانی گەورە کە بۆم ناردون و لەکتێبەکانم دا بلاَوم کردونەوە، بیخەنە ناو نەخشەی جیهانەوە.

سەدار پشدەری

لەندەن ٢٩ – ١٢ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net